www.kurdistannet.org
5-11-2005 21:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستانییەتی شاری موسڵ لە ئینسکلۆپیدیاو هەندێ نووسراوی دانیماکیدا!. . . دەرسیم دیبەگەیی

Darsim88@hotmail. com



ماوەیەکی زۆرە خەریکی نووسینێکم دەربارەی سەلماندنی کوردستانییەتی شاری موسڵ بەدۆکۆمێنتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنام بردۆتە بەر چەندین سەرچاوەی مێژوویی کوردیو عەرەبیو بیانیو، بیروبۆچوونی زۆر لەو گەڕیدانەی سەردانی ناوچەکەیان کردووە، تۆمارمکردوون، ئەگەر هیچ گیروگرفتێک نەیەتە ڕێگام، ئەو نووسینەم بۆ چەند مانگێکی تر ئامادە دەبێت بۆ چاپکردن.
ئەوەی هانیدام بیر لەنووسینی بابەتێکی وا بکەمەوە ئەوەبوو، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی هاوپەیمانەکان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا بۆ سەر ڕژێمی عێراق، چەند سەرکردەیەکی کوردی بۆ میدیاکانی عەرەبی دوانو ڕایانگەیاند، کەشاری موسڵ شارێکی عەرەبییەو ئەوان نیازیان نییە پێشمەرگە بۆ ڕزگارکردنی شاری موسڵ بنێرن، نەوەکو ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری موسڵ، شەڕی نێوان کوردو عەرەبی لێبکەوێتەوە.
بەسەدان بەڵگەی کۆمەڵەی گەلان، حکومەتی ئێراقی، عوسمانی، بیروبۆچوونی گەڕیدەو جوگرافیناسو مێژونووسو ڕۆشنبیرانی بیانی، عەرەبیو کوردی، دەیسەلمێنن کە شاری موسڵ شارێکی کوردستانیو پایتەختی باشووری کوردستان بووە. ئەوەی لێرەدا دەیخەمەڕوو، تەنیا باسکردنی شاری موسڵ-ە لە ئینسکلۆپیدیای دانیمارکیو چەند نووسراوێکی دانیمارکیدا.

ئینسکلۆپیدیای گەورەی دانیمارکی لەبەرگی 13یداو لە لاپەڕە 461دا لەباسی موسڵ-دا بەمشێوەیەی نووسیوە: (موسڵ، شارێکە کەوتۆتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەو باکووری عێراق. ژمارەی دانیشتوانی شاری موسڵ نزیکەی 1. 4 ملیۆن کەسن (ساڵی 1995) . زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەمینەی فەلە. موسڵ سێیەم شاری گەورەی عێراقەو مەڵبەندی بەرێوەبەرێتی پارێزگای نەینەوایە. کەلاوەی شاری نەینەوای ئاشورییەکان دەکەوێتە نزیک ئەو شارەدا. شاری موسڵ لەساڵەکانی 600ی زایینیدا لەلایەن عەرەبەکانەوە داگیرکراوەو دواتر لەساڵی 1535-1918 کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان) .

ئەو بەرگەی ئینسکلۆپیدیای گەورەی دانیمارکی بەئاشکرا پێمان دەڵێت کە موسڵ شارێکی کوردییە، کاتێک موسڵ زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردبن، کەواتە شارەکە دەبێت شارێکی کوردیش بێت! هەروەها ئەو بەشەی ئینسکلۆپیدیا بۆمان ڕووندەکاتەوە کە عەرەب دانیشتووی ڕەسەنی شارەکە نین، بەڵکو وەکو داگیرکەر لەساڵی 600ی زایینی هاتوونو موسڵ-یان داگیرکردووە.

ئینسكلۆپیدیای گەورەی دانیماركی لەبەرگی 11یداو لە لاپەڕە 400دا لەباسی كوردستان-دا بەمشێوەیەی نووسیوە: (بەگوێرەی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی 1920، دەسەڵاتدارە هاوپەیمانەكان بەڵێنی فراوانكردنی ناوچەی سەربەخۆیی كوردستانی توركیایان دابوو بۆ ئەوەی ئەو كوردانەی ویلایەتی موسڵ ـی داگیركراو لەلایەن بەریتانیی‌یەكانەوە، كە ئێستا موسڵ سەر بەعێراقە مافی ئەوەیان هەبێت یەكبگرنەوە لەگەڵ كوردستانی توركیا. بەڵام ئەو پەیماننامەیە بەتوندی لەلایەن حكومەتی نوێی ڕژێمی ناسیۆنالیستی تورك لەژێر سەركردایەتی كەمال ئەتاتورك، ڕەتكرایەوە. هەروەها لەساڵی 1923دا پەیماننامەی سیڤەر هەڵوەشایەوەو پەیماننامەی لۆزان شوێنی گرتەوەو كەهیچ مەرجێكی تیا نەبوو بۆ سەربەخۆیی كوردستان).

بەرگی 11ی ئینسكلۆپیدیاش پێمان دەڵێت، ئەگەر بێتوو پەیمانی سیڤەری ساڵی 1920 جێبەجێبكرایە، ئەو كاتە بەرلەوەی ویلایەتی موسڵ لە 16. 12. 1925 بەبڕیارێكی "كۆمەڵەی نەتەوەكان" بخرێتەسەر دەوڵەتی داتاشراوی ئێراق لەلایە بەریتانیاوە، ئەوە تەواوی ویلایەتی موسڵ (شارەكانی موسڵ، هەولێر، كەركوك، سلێمانی‌و دهۆك) لەگەڵ كوردستانی باكور (توركیا) یەكیدەگرتەوەو تەواوی ویلایەتەكە بەكوردستانی دەمایەوە.
ئینسكلۆپیدیای (Gyldendals Leksikon) واتە (ئینسكلۆپیدیای دۆڵی زێڕینی) لە لاپەڕە 654دا لەباسی موسڵ-دا نووسیوێتی: (موسڵ شارێكە لەعێراق. ژمارەی دانیشتوانی 1، 4 ملیۆن كەسە. شارێكی كوردی‌و پڕ لەنەوتە لەباكووری عێراقدا. موسڵ لەسەدەكانی ناوەڕاستدا شارێكی بازرگانی گرنگ بووەو بەدروستكردنی قوماشی مۆسلین بەناوبانگ بووە).

ئینسكلۆپیدیای زێڕینیش زۆر بەئاشكرا بۆمان باسدەكات كە موسڵ شارێكی كوردی‌و پڕ لەنەوتەو بوونی نەوت لەو شارەو ویلایەتەدا وای لەدراوسێ چڵێسەكانمان كردووە كەهەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچەیە بدەن.

ئارنە سكادهێدە، سەرنووسەری گۆڤاری "كۆنتاكت – پەیوەندی) ی كە (دەزگای هاریكاری نێونەتەوەیی) لە دانیمارك دەریدەكات، لەوتارێكیدا كە لە لاپەڕە 35ی "كۆنتراكت"ی ژمارە (1) ی ساڵی 1992/1991دا لەژێر ناوی "بەڵێنی دامەزراندنی كوردستانێك لەساڵی 1920"دا، دەڵێت: (مێژووی ڕابردوو بەكورتی باسی ئەوە دەكات كە نوێنەرانی كورد لەكاتی گفتوگۆی ئاشتی دوای كۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەكەم، ڕێككەوتنێك لەسەر هاركاریكردنێك لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەیەكی تری بێ نیشتمان كە ئەرمەنییەكان بوون. بەكۆششی هەردوولا لەبەرامبەر هەردوو وڵاتی دەسەڵاتداری بەریتانیاو فەرەنسا توانیان سەركەوتنێك بەدەست بهێنن‌و بەڵێنێكی ڕاشكاوانەی ناو ڕێككەوتننامەكە وەرگرن بەوەی كە دوو وڵاتی كوردستان‌و ئەرمینیا لەو ناوچانەی كە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی توركیا دامەزرێنن‌و دواتریش هەرێمی كوردە عێراقیەكان واتە -ویلایەتی موسڵ- كە ئەوكاتی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیەكان دابوو، دەتوانن بەئازادی خۆیان لەگەڵ كوردستان یەكبگرنەوە).

سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی "كۆنتراكت" ئارنە سكادهێدە هیچ گومان ناهێڵێتەوە لە كوردێتی‌و كوردستانییەتی شاری موسڵ. ئەو ژنە ڕۆژنامەنووس‌و سەرنووسەرە، تەواوی

ویلایەتی موسڵ بەهەرێمی کوردە ئێراقیەکان دادەنێت، هەمووشمان دەزانین کە ویلایەتی موسڵ لەشارەکانی (موسڵ، هەولێر کەرکوک، سلێمانیو دهۆک) پێکدەهات.

غێکە باکەرو ئەنا هامفیلت کە دوو نووسەری دانیماکین لە لاپەڕە 31ی پەرتووکێکی هاوبەشیاندا بەناوی "عێراق پەناهەندە - ڕابردوو – مێژوو"داو لە بابەتێکیاندا لەژێر ناوی "کوردەکانی عێراقو سەردەمی نوێ"دا، نووسیویانە: (ساڵی 1922 پەیوەند بەشەڕی جیهانی یەکەم، بەڵێنی سەربەخۆیی بە کوردەکان درا.

ساڵی 1924 "کۆمەڵەی گەلان"ی بەسەرچوو کە ئێستا "نەتەوە یەکگرتووەکان"ی پێ دەڵێن، بڕیاریدا موسڵ، وە بەم شێوەیەش هەموو ناوچە کوردییەکان ببنە بەشێک لەعێراق).

ئەو دوو ژنە ڕۆژنامەنووسو نووسەرەش هیچ گومان لەسەر کوردێتیو کوردستانییەتی شاری موسڵ ناهێڵنەوە کەدەڵێن: کاتێ کە ساڵی 1924 "کۆمەڵەی گەلان یان نەتەوەکان" بڕیاریدا موسڵ (مەبەستی ویلایەتی موسڵ) ە ببێتە بەشێک لەئێراق، واتە تەواوی ناوچە کوردییەکان بەشاری موسڵ-یشەوە بەو بڕیارەو لەو ساڵەدا بوون بەبەشێک لەئێراق، ئەگینا پێشتر بەشێک نەبووینە لەدەوڵەتی ئێراق.

2005 .10 .31

تێبینی: هیوادارم هەرکەسێک هەر بەڵگەیەکی لەسەر کوردستانێتی شاری موسڵ دەست دەکەوێت بۆمی بنێرێت، ئەوە زۆر سوپاسی دەکەم، وە بەتایبەتی کوردانی هەندەران لەو وڵاتانەی کە تیایدا دەژین، ئەگەر سەیرێکی بابەتەکانی کوردستانو موسڵ لە ئینسکلۆپیدیای ئەو وڵاتانە بکرێت، دڵنیام بەڵگەی باشیان دەست دەکەوێت.

**سەرچاوەکان:**

Den Store Danske Encyklopædi ،Bind 13 ،Danmarks Nationalleksikon A/S - Danmark 1999 .
Den Store Danske Encyklopædi ،Bind 11 ،Danmarks Nationalleksikon A/S - Danmark 1998 .
Gyldendals Etbindsleksikon ،2003 Gyldendalske Boghandel ،Nordisk Forlag A/S ،København.
www. leksikon. nu .
Kontakt ،Nr. 1 – 1991/92- 44. aargang ،Mellemfolkeligt Samvirke .
Rikke Baker og Anne Hamfeldt ،Irak Flygtninge – Baggrund – Historie ،Dansk Flygtningehjælp ، 1. november 2002 .